# مردنی یاسر عەرەفات، دزێک کەمتر

## ئەمجەد شاکەلی

چل ساڵێکە یاسر عەرەفات، سەرۆکی ڕێکخراوی فەتح و سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیی فلستینە و چەند ساڵێکیشە لە سەر هەندێک لە خاکی فلستین، سەرۆکی دەسەڵاتی فلستینە و بەناوبانگترین کەسی بزاڤی ڕزگاریخوازی فلستینیشە. عەرەفات بە خۆ و ڕدێن و سمێڵ و جامەدانی و عەگاڵەکەیەوە، وەک نیشانەیەکی فلستین و عەرەب، لە دەروازەی سیاسەتی جیهانییەوە وەژووری کەوتبوو و هەمیشە ناوی لە ناواندا بوو. 2004/11/11 لە نەخۆشخانەیەکی لەشکریی فرانسە لە پاریس کۆچی دوایی کرد. عەرەفات لە ماوەی ئەم ساڵانەی سیاسەتکردنیدا، وەک تەواوی ڕێبەران و سیاسەتکارانی وڵاتانی جیهانی سێیەم و ڕۆژهەڵات، لە تەنیشت کارە سیاسییەکەییەوە، زۆر چالاکانە کاری پارەخڕکردنەوە و خۆدەوڵەمەندکردنی خۆیشی کردبوو. تەواوی ئەوانەی لە ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەم، کە لە سیاسەتدا دەگەنە پلە و پایەیەکی باڵا و دەسەڵات، ئیدی هەرچی سامان و پارەی حیزب و دەوڵەت و ڕێکخراوەکانیانە دەبێتە هی خۆیان و بە موڵکی خۆیانی دەزانن و بە هەوەس و ئارەزووی خۆیان چۆنیان بوێت وای لێ دەکەن. ئەوان سیاسەت دەکەن بۆ ئەوەی بازرگانی بکەن و بۆ ئەوەی دزی بکەن و دەوڵەمەند بن. تەواوی ڕۆژگارێک، کە دەبنە خاوەن دەسەڵات بە دەرفەتێکی زێرین و لەباری دەزانن، بۆ هەرچی زووتر خۆدەوڵەمەندکردن و گیرفانپڕکردنە، چونکە هەمیشە پێیانوایە، کە ڕەنگە لە سبەینێ زووتر نەبێت، کوودێتایەکیان بە سەردا بکرێت و بە تۆبزی لە کارەکەیان وەدەرنرێن و بەر شەق بکەون یا بگیرێن و زیندانی بکرێن، لەبەر ئەوەی ئەوان بۆ خۆیان تەختی دەسەڵاتیان داگیرکردووە و هەرگیز، مەگەر مردن یا کوشتن پێیان بەجێ بهێڵێت دەنا تا دواهەناسەیان، لێی نایەنە خوارێ و هەر داژۆن. ئەوجا ماوەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و سیاسەتکردنیان لەکن، هەڵە و بەهارە و مەولەوی تاوگۆزی گوتەنی:"هەر بەهار ناوێ دەی لە پەیمانە فرسەت ئەفەوتێ دەی لە پەیمانە" و دەبێ هەرچی زووە بیقۆزنەوە و هەل لە دەستی خۆیان نەدەن و لە پەیمانە بدەن و هەرچییان دێتە پێش و بەردەست، ڕایماڵن و خڕیکەنەوە و بیشارنەوە. بە پێی میدیاکانی جیهان و شارەزایان و کەسانی ئاگادار، عەرەفات 5,1 ملیار دۆلاری لە پاش بە جێ ماوە. عەرەفات، کە دەستی بە سیاسەت کرد، ئەندازیار بوو. ئەگەر لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا وەک ئەندازیارێک کاری کردبا، ئێستا ئەگەر هەر زۆر دەوڵەمەندیش بووبا، خاوەنی چەند ملیۆنێک دۆلار دەبوو و هیچی دی. ئەوەی ئێستا لە پاش عەرەفات بەجێماوە، پارە و پووڵی خەڵکە. پارووەنانی هەژار و داماو و چەوساوە و هەتیو و بێوەژن و پیر و پەککەوتە و منداڵەشەهید و ماڵرووخاو و کوڕ و برا و خوشک و دایک و باوک و کچکوژراوی فلستینییە. پارەی دزییە و عەرەفات لە وڵاتەکەی، لە خاکەکەی، لە خەڵکەکەی خۆی، کە هەمیشە بە

هەردوو دەست و دەمولێوی ماچی درۆی بە سەریاندا دەباراند و دەبەشییەوە، دزیویەتیی. ئەو پێنج ملیار دۆلارە، پێنج ملیار پەڵەی دزێو و ناشیرین و چڵکن و گەمارن بە نێوچاوانی عەرەفات خۆی و تەواوی دەسەڵاتدار و سیاسەتکار و سەرکردە و ڕێبەرانی دز و ساختەکارانی جیهانەوە(بە کوردیشەوە). پێش عەرەفات، سەددام حوسەین دەسەڵاتی لەدەست دا و ئەویش هەرچی ملیارەکانی بوون دەستی خەڵکی دیکە کەوتن. پێشتریش چاوچێسکۆ و شای ئێران و هیلاسیلاسی و عیدی ئەمین و ... دەیان دیکتاتۆر و دزی دیکە سەریان نایەوە و هەموو سامانەکانیان بوون بە هی چەکمەبۆران. مردنی هەر عەرەفاتێک و عەرەفات ئاسایەک و هەر ڕێبەر و سەرکردەیەکی دز(بە کوردیشەوە)، مردنی چەتە و جەردەیەک و لەبەینچوونی گەورەدزێکە. ئایا سەرانی کوردیش، کە لەگەڵ عەرەفات و عەرەفاتەکاندا هیچ جیاوازییەکیان نییە و، کە ئەوانیش بەشێکن لە کۆڕی سیاسییە پارەخڕکەرەوەکان و، کە زۆر لە مێژە کاری سیاسەت دەکەن و بەشێکی پارە و پووڵی حیزب و ڕێکخراو و دەسەڵاتەسیاسییەکانیان، ئەگەر هەر هەمووی نەبێت، کە لە خۆیان زیاتر یەک کەسی دیکەی تەنانەت دەوروبەریشیان ئاگاداری حیساب و سەرمایە و سامان و پارە و دەوڵەمەندییان نییە، بیرێک لە خۆیان و چارەنووسی خۆیان ناکەنەوە، کە لە عەرەفات و ئەوانی پێش عەرەفات باشتر نابن؟ ئایا بەتەمان تەمەنی نووح و کیسەڵ و قەلەڕەش بکەن؟ هەرچەندی بژین، ڕۆژێک دادێت هەر دەمرن و سامان و پووڵەکانیان لەدوو بەجێدەمێنێت و بۆ خۆیشیان دەبنە بنێشتە خۆشەی بن ددانی خەڵک. ئەگەر تەواوی ئەو بابەتە سیاسەتکارانە، بۆ تاکە ساتێک لە ژیان و خۆیان و کردەوە و گوتار و هەڵوێستەکانیان ڕابمێنن و برێک ویژدانی خۆیان، ئەگەر هەیانبێت، بجەڕێنن، ئەوانیش وەک هەموو خەڵکە ئاساییەکەی ئەم جیهانە لەوە تێدەگەن، کە دەوڵەمەندی دزییە و، کە پارە و پووڵ و سەرمایە، بە پێسکەیی و شێوەی نارەوا و حەرام نەبێت هەرگیز خڕ ناکرێتەوە و، کە پارە و سامانێک بە کەللەچێتی و گەووادی و لەشفرۆشی و عەرقفرۆشتن و گۆشتی بەراز فرۆشتن و تەنانەت ڕووتاندنەوە و دزینی سەرمایەداران و دەوڵەمەندان خڕکرێتەوە، گەلێک لە دزیکردن لە خەڵک و وڵات و گەل، بە بەکاربردنی دەسەڵات و سیاسەتکاری و سەرکردەیی، حەڵاڵتر و شەریفترە!.

2004/11/26